بۆنەکە ببێت.
هەروەها گۆین لە بەشێکی دی وتەکەیدا ئاماژەی بەو دەستکەوتە مەزنانە کرد کە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد، لە ماوەی ٢٠ساڵی ڕابردوودا بە دەستی هێناون و شانازایشی بەوەوە کرد کە یەکێکە لە هاوکارانی دەستەی دامەزرێنەری مەڵبەند.
گۆین لە وتەکەیدا ئاماژەی بەوەش دابوو کە کوردستانی عیراق پێ دەنێتە سەردەمێکی نوێوە و هیوای ئەوەی خواست کە دەرئەنجام بەرەو سەربەخۆیی کوردستان بچێت و مەرجی سەرەکی ئەو سەربەخۆییەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە گەلی کورد یەکڕیز و یەکگرتوو بن.
برایانی زەهاوی لەگەڵ نواندنی ڕەها لە جوانژەنینی ئامێرەکانی دەف و دەهۆڵ و تەپڵدا و بەدەم بردنە ناو دنیای ڕوح و عەشقی پاکی کوردەوارییەوە، دەستپێکی هونەری ئەو شەوە بوون. هەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی بەرنامەکەیاندا بڕوانامەی ڕێزیان لەلایەن کاک هۆشیار عابیدەوە، ئەندامی کۆمیتەی مەڵبەند، بەسەردا دابەش کرا.
دوابەدوای ئەمەش، لەگەڵ شاڵاوی گوڵباران و چەپڵەڕێزانی ئامادەبووواندا، ڕێز لە هەردوو کەسایەتیی ماندوو و دڵسۆزی مەڵبەند عەتا موفتی و سەربەست کەرکووکی نرا و عەتا موفتی لە بەرانبەری ئەو ڕێزەدا وتی: "خۆشەویستی و وەفا بۆ ئەو ڕێزە، هیوادارم مەڵبەند ببێت بە مەڵبەندێکی ڕاستەقینەی کولتووری کوردی و ڕۆشنبیری بۆ کۆمەڵگای کورد لە بریتانیادا." عەتا موفتی لە درێژەی قسەکانیدا داوای لە ئامادەبووان و دڵسۆزانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد کرد، کە زیاتر بە تەنگ مەڵبەندەوە بێن و هانی گەنجەکان بدەن زیاتر لە مەڵبەند نزیک ببنەوە و بەشداریی و ڕۆڵی نەوەی نوێی لە مەڵبەندا بە گرنگ نرخاند و...تاد.
دواتر سەربەست کەرکووکی وتی: "لە ماموستا ئیبراهیم ئەحمەدیان پرسی ئەگەر تەمەنت بۆ بگەڕێتەوە بۆ گەنجێتیت چی دەکەیت؟" فەرمووی: "پەشیمان نیم لەوەی کە کردومە هەمان شت دەکەمەوە!"، بۆیە منیش دەڵێم: "ئەو خزمەتەی کە کردومە سەربەرزم پێی و هەمان خزمەت دەکەمەوە و بەردەوام دەبم لەسەری."
دواتر هەریەکە لە هونەرمەندان دڵخۆش، نەورۆز ئورەماری، قادر عومەر، کەمال عەلی، ئارام تەها، سەباح ڕەواندوزی، ئەحمەد ئەنوەری و ئیبراهیم ڕەحمان، مەسعود محەمەدی، بە هاوکاریی مۆسیقاژەنە بەهرەمەندەکان نهاد جەمشیر، حەمەجاف، ڕەعد و هەندرێن، هەریەکە و چەند گۆرانییەکیان پێشکەش کرد و لەگەڵ مەستکردن و گەرمکردنی ئامادەبووواندا هۆڵەکە جوانترین دیمەنی ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵووالای لە خۆ گرتبوو، کە بەزم و سەفا و خەندە و پێکەنین میوانی هەموو لایەک بوو.



بەشداربووانی ئاهەنگی یادەوەری ٢٠٠٦/١/٢٨



بەشداربووانی ئاهەنگی یادەوەری ٢٠٠٦/١/٢٨



لە چەپەوە: دیزاینەری فاشنی جلوبەرگی کوردی دڵگەش موراد و کیژێکی بەشداربووی نمایشەکە



ژاڵە ڕەحیمی




حەمە جاف و مەسعود محەمەدی

هەروەها هونەرمەند ئازاد سەعد دوو پارچە مۆسیقای پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.
شایانی باسە کە هەریەک لە هونەرمەندان بڕوانامەی ڕێزگرتنیان بەسەردا دابەش کرا، کە هەربۆیە شۆڕش حاجیی نووسەر و ڕۆشنبیر لە پوختەی ئەو وتارەی کە پێشکەشی کرد، ئەو خەڵاتدابەشکردنەی بە نەریتێکی جوان لە قەڵەم دا و هیوای خواست کە ئەمە شوێنەکانی تری کوردستانیش بگرێتەوە.
هونەرمەند خوشکە گەزیزە کە یەکێک بوو لەو کەسانەی چەند خەڵاتێکی دابەش کرد بەسەر ڕێزلێگیراواندا. بڕیار وابوو شانۆگەرییەکیش نمایش بکات لە یادەوەریی ٢٠ ساڵەی مەڵبەنددا، بەڵام هاوڕێیانی گەزیزە لەبەر گرفتی فیزا، نەیانتوانی بگەنە لەندەن و بۆیە بەداخەوە شانۆگەرییەکە نمایش نەکرا، لە بەرامبەر ڕێز و خۆشەویستی ئامادەبووان و یادەوەریی مەڵبەنددا وتی: "خۆشحاڵم ئەمڕۆ لە نێوەندی کۆمەڵێک کوردی دڵسۆز و هاونیشتمانی خۆمدا لە یادەوەرییەکی وا پیرۆزدا ئامادەم و بەشداری لە دابەشکردنی بڕوانامە بەسەر چەند بەڕێزێکدا دەکەم، هیوادارم مەڵبەندی لانکە ئاوارە و پەنابەران هەر لە بروەدا بێت."
لە بەشێکی تردا کە لەلایەن هونەرمەند ژاڵەی ڕەحیمییەوە سەرپەرشتی کرا، نمایشێکی جلوبەرگ پێشکەش کرا، کە لە بەرهەم و زادەی خانمە بەهرەمەندی کورد دڵکەش موورادی دیزاینەرەوە خەملابوو.
ئەوەی کە زۆر جێگای خۆشحاڵی هەموو لایەک بوو ئەوە بوو کە ئەو دیمەنە جوانانەی لەوێدا و لە ڕێگەی ئەو شۆخ و شەنگە نمایشکارانەوە پێشکەش کران کە نمایشکاری بیانیشی تێدا بوو، ئەوەی خستە ڕوو کە کوردیش وەکو میللەتانی تری دونیا، جلوبەرگ بەشێکە لە کولتووری و خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندێتیی خۆیەتی لەو بارەیەوە. بۆیە بەدەم چەپڵەڕێزانەوە پێشوازی لە کارەکانی کرا و بەرز خەملێنران.
دابەشکردنەوەی چەند خەڵاتێک بەسەر ٤٠ کەسی تری بەئەمەک و دڵسۆزی مەڵبەند کە لە ڕۆژانی ڕابوردوو و ئێستادا خزمەتیان بە خۆبەخشانە پێشکەش بە مەڵبەند کردووە، بووە بەرنامەیەکی قەشەنگی بۆنەکە کە هەریەکە لەلایەن ئەندامێکی دێرینی کۆمیتەی مەڵبەند، کارمەندێک یان دۆستێکی نزیکی مەڵبەندەوە، ڕێزی لێنرا و بڕوانامەیان بەسەردا دابەش کرا، کە لەنێوان ٦٠٠ کەسی ئامادەبووی یادەوەرییەکدا کە تیایاندا نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، باڵوێزخانەی عیراق لە لەندەن، نوێنەری پارتییە سیاسییەکان و ڕێکخراوە خێرخوازییە کوردییەکان و کەسایەتیی ئەدیب و ڕۆشنبیر بەدی دەکرا، بەدەم چەپڵەڕێزانەوە هەستیان بەرانبەر بەو ڕێزە گەورەیە دەربڕی و خۆشحاڵییان خستە ڕوو لەبارەی ئەو خزمەتەی کە پێشکەشیان کراوە.
شایانی باسە، پێشکەشکاری بەرنامەی ئەمڕۆی یادەکە میدیا زەهاوی بوو.
بەشی سێیەمی یادەوەریی مەڵبەند بریتی بوو لە کردنەوەی پێشانگای هونەرمەندی شێوەکاری بەناوبانگ ئیسماعیل خەیات. لەم پێشانگا شێوەکارییەدا کە لەلایەن سالار حەمەڕەش، ئەندامی کۆمیتەی مەڵبەندەوە کرایەوە، حەمەڕەش لە وتەیەکدا دەستڕەنگینی و ڕۆڵی هونەرمەندی ناوبراوی بەرز نرخاند لە خزمەتی هونەری شێوەکاریدا و سیمای تابلۆکانی بە واقعێکی ئاوێتەی ژیانی کوردەواری پێناسە کرد.
لەم پێشانگا شێوەکارییەدا، کە سەرەڕای ئەوەی خەڵکی کوردی دانیشتووی بریتانیا ئامادەی بوون، خەڵکانی بیانییش بەدی دەکران. پاشان هونەرمەند عەتا قەزاز، لەو وتەیەکیدا بە زمانی عەرەبی سەبارەت بە کارەکانی ئیسماعیل خەیات تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە هونەرمەندی ناوبراو خاوەن مێژوویەکی پڕ لە خزمەتە لە نێوەندی هونەری کوردیدا و بەرهەمەکانی دانسقەن. هەربۆیە ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی "شرق الاوسط"ی عەرەبی معد الفیاض لە ڕوانگەی خەملاندنی کارەکە و کاریگەریی لەسەر ئامادەبووان وتی: "دەتوانرێت ئەم کارە لەسەر ئاستی جیهان پێشان بدرێت و هونەرمەندیش بە هونەرمەندێکی جیهانی ناو ببەیت نەک کوردی یا عیراقی!" جگە لەمەش بیروڕای زۆربەی تەماشاکەران ئەوە بوو کە کاری لەم شێوەیە وا باڵا، جێگای شانازیی هەموو کوردێکی دڵسۆزە.
هەر بۆ ڕازاندنەوەی پێشانگاکە و خۆشکردنی کەشووهەوای ناو هۆڵی پێشانگاکە کە لە (گەلەری کوفە) بەڕێوە چوو، هونەرمەندان تارا جاف، ئاریا، نەجم تاڵەبانی و میران، بەدەم ژەنینی دەف و زەڕب و هارپەوە، دەنگە زوڵاڵەکانیان ئاوێتەی مۆسیقای ڕەسەنی کوردی کرد و بۆ چەند ساتێک لەگەڵ دنیای هونەری شێوەکاری و مۆسیقادا، ئامادەبووان دەستلەملانی ڕەنگە جۆراجۆرەکانی هونەری شێوەکاری و ئاوازی خەفەبوونی هەست و دەروون و ڕوح و مێشک بوون.
شایەنی باسە ئەنجامدانی یادەوەریی ٢٠ ساڵەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد و ٦٠ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بە هاوکاری و هاوئاهەنگیی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئیدارەی هەولێر و سلێمانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پشتیوانی کەرکووک، کۆمپانیای ئەسعەدی (سلێمان و شەهلا ئەسعەدی)، کۆمپانیای سۆما (کامەران حەوێزێ)، دارا عەتار، سەرۆکی کوردیش ترەست، سەربەست قەرەداغی و ئەحمەد سەلیم بەڕێوەچوو، کە بۆ ئەم مەبەستەیش مەڵبەند ئەم ئەمەک و دڵسۆزییەی ئەو بەڕێزانەی لە دەفتەری سوپاسگوزاری خۆیدا، تۆمار کرد.

# خوشکە گەزیزە و ئیسماعیل خەیات لە کۆڕێکی هونەریدا

**ئامادەکردنی: مەڵبەند**

لە درێژەی ئەو کار و چالاکییانەی کە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لەندەن، لە یادی دامەزراندنی ٢٠ ساڵەیدا ئەنجامی دا، کۆڕێکی هونەریی تێروتەسەل بوو سەبارەت بە کاری هونەری شانۆ و ئاستەنگییەکانی، ڕۆڵی ژن و ئاستی هونەریی شانۆ لە کوردستاندا. لە لایەکی ترەوە بریتی بوو لە گرێدانی دنیای هونەری شێوەکاری و شاکارەکانی ئیسماعیل خەیات و ئاشناکردنی ڕەنگ و شێوە بوو بە ڕووی ئامادەبوواندا.

شایانی باسە ئەم کۆڕە لە کتێبخانەی کوردستانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لەندەن لە ڕێککەوتی ٢٠٠٦/٢/١٢ لەلایەن سەربەست کەرکووکییەوە بەڕێوە چوو و تێیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و هونەردۆستان ئامادە بوون.

سەرەتای دەستپێکی کۆڕەکە بە پێشکەشکردنی چەند پارچەمۆسیقایەک بوو کە هونەرمەندی عودژەنی لاو «بڵند»، ئامادەبووانی بۆ چەند ساتێک بەرەو دنیای بەجۆشژەنی برد.

دواتر خوشکە گەزیزە هاتە دوان و باسی لە سەرەتاکانی کاری هونەریی خۆی کرد و ئاستەنگییەکانی دەستپێکردنی لە بواری شانۆی کوردیدا خستە ڕوو کە چەند ناهەموار و دژوار بووە و ئەو ڕۆژانەی کە گەزیزە وەکو ئافرەتێک لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بە کاری هونەری هەستاوە و دواتر درێژەی پێداوە.

هەر لە درێژەی باسەکەیدا بەڕێزیان باسی ئەوەیان کرد کە ئێستا شانۆی کوردی لە چ ئاستێکدایە و کەموکورتییەکانی چەند زۆرن، بە شێوەیەک کە لاوازیی باری تێگەیشتنی جەماوەری لە شانۆی کوردیدا وەکو لایەنێکی سەرەکی خستە ڕوو و وا پێناسەی شانۆی کوردی کرد کە بازاڕی زۆر لاواز بووە و بینەری شانۆ لە کۆمەڵگادا زۆر ڕوو لە کزییە، کە لە هەمان کاتدا هۆکارەکەشی بردەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە: گرنگینەدانی دامودەستگا هونەرییەکان، بەرپرسیارەکان بە کاری شانۆیی و لاوازیی هۆشیاری و کەمی زانیاریی هونەریی کۆمەڵانی خەڵک.

هەر لەم بارەیەشەوە بەراوردێکی هونەرییانەی ئاستی شانۆی کوردی لەگەڵ میللەتانی تر کرد و وتی: "ئیشوکاری



پێشانگای هونەرمەند ئیسماعیل خەیات

دەرهێنەر، مونتێر، دیزاینەر، تەکنیشن و بەڕێوەبەری شانۆ جیایە و هەریەکە کاری تایبەتی خۆی دەکات و بەرپرسیارێتیی خۆی هەیە، بەڵام مخابن لەناو کورددا و بۆ

نموونە دەبێت هەموو ئەو بەرپرسیاریانەی سەرەوە خۆم بیکەم و تەنانەت دەبێت بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ئەکتەرە ئافرەتەکانیش وەکو لایەنی پاراستنی





لە چەپەوە: خوشکە گەزیزە، شیرین، لیندا و دایکی لیندا

ژیانیان هەڵبگرم، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئافرەت هێشتا کۆمەڵێک بەربەستی کۆمەڵایەتی لەبەردەمدایە بۆ ئەنجامدانی کاری هونەر."

لە درێژەی قسەکانیدا، چۆنێتیی دامەزراندنی تیپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزەی ڕوون کردەوە و باسی لە گرنگیی هێنانە ناوەوەی ئافرەتی کوردی کرد لە شانۆی کوردیدا کە چەندە جێگای سەرنجە کۆمەڵە ئافرەتێک بتوانێت باس لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستەنگییەکانی ژیانی کوردەواری بکات لە ڕێگای نمایشێکی شانۆییەوە و بە شێوازێکی مۆدێرن و هونەرییانە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش دوایین بەرهەمی خۆی بە نموونە هێنایەوە بە ناوی ـ هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە ـ کە بڕیار بوو ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەمین جار لە یادی ٢٠ ساڵەی دامەزراندنی مەڵبەنددا پێشکەش بکرێت، بەڵام مخابن لەبەر ڕێگەپێنەدانی هاوڕێیانی گەزیزە لەلایەن کۆنسوڵی بریتانیاوە لە ئەردەن نەتوانرا شانۆگەرییەکە پێشکەش بکرێت.

لە تەوەرێکی تری کۆڕەکەدا، ئیسماعیل خەیات باسی لە ناوەڕۆکی کارەکانی و ستایلی کارەکانی کرد کە چۆن ئاوێتەبوونی ماسی و کۆتر و ئاوی ئەڵوەند و یادگارییەکانی منداڵی ئەو بوونەتە سەرەکیترین فاکتەری پاڵنەر بۆ کێشانی نیگارەکانی. دوابەدوای ئەمەش چالاکی و کارەکانی بەڕێزیان لە چەند وڵاتێکی جیاجیادا و ئاستی پێشکەوتنی کارەکانی لایەنێکی تری باسەکانی بوون.

هەڵسەنگاندنی کاری هونەری شێوەکاری لە کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵگاکانی دەرەوە و تێڕوانینی خەڵکانی ئێمە و خەڵکانی تر لە دید و بۆچوونی ئیسماعیل خەیاتدا لایەنێکی تر بوو، کە چۆن شێوەکار لەناو میللەتاندا سەیری دەکرێت و لەلای ئێمەش چۆن؟ سەردەمانێک بوو هونەرمەند لەبەر بژێویی ژیانی، سەرباری کاری هونەری، کاری تری دەکرد. هەموو ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە کوردستانی پێدا تێپەڕی کاریگەریی نێگەتیڤی کردە سەر ئاستی هونەر بەگشتی و هونەری شێوەکاری بەتایبەتی.

دواتر دەرگای گفتوگۆ بۆ ئامادەبووان واڵا کرا و چەندین پرسیار و ڕوونکردنەوە خرانە ڕوو، لەنێو ئەو پرسیارانەدا ئەوە بوو کە بۆ برەودان بە بزووتنەوەی کاری هونەری چ وەکو شانۆ یاخود پێشانگا لە شاری کەرکووک پێشکەش ناکرێت؟ لە وەڵامدا بەڕێزان ئاماژەیان بەوە کرد کە چەندین کاری هونەری لە کەرکووک نمایش کراوە و لە پلانیشدایە کە پێشانگایەکی شێوەکاری بەم زووانە لە کەرکووک بکرێتەوە.

هەر لەنێوان ئامادەبووواندا باسی ئەوە کرا کە ئەرکی هونەرمەند ئەمڕۆ ئەرکێکی گرانە، سەرباری کارە هونەرییەکەی دەبێت هەوڵی ئەوەش بدات سەرنجی هاوولاتان ڕابکێشێت بەلای کاری هونەریدا، کە بۆ ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرە و هاوکاریی حکوومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری دەوێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی جەماوەر، لە کار و ئاستی هونەری لایەنێکی تری گرنگی بەرپرسیارێتییە.

لە بەشێکی تری کۆڕەکەدا، باس لە کاریگەریی کردە کۆمەڵایەتییەکان کرا کە بە چ ئەندازەیەک کاری کردۆتە سەر وەستاندنی بەرەوپێشبردنی کاری شانۆیی و هونەری لە کوردستاندا، بەتایبەتی لە ڕووی گرنگینەدان بە کار و پێگەی ئافرەت و هاننەدانی کارەکانی لە نێوەندی کۆمەڵگای کوردیدا. ئەمە جگە لەوەی کە لاوازیی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لە ڕوانگەی هونەرییەوە کاریگەرییەکی ترە.

لە کۆتایی کۆڕەکەشدا، وەکو ڕێزێک بۆ کار و بەرهەمەکانی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات، ئامادەبووان بەشدارییان لە کڕینی تابلۆیەکی هونەرمەندی ناوبراو کرد و دواتر تابلۆکەیان پێشکەش بە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد کرد.



بینەرانی پێشانگای هونەرمەند ئیسماعیل خەیات



هونەرمەند ئیسماعیل خەیات

# ئاهەنگێكی خنجیلانە بۆ بەشداربووانی "خولی نووسینی داهێنەرانە بۆ كوردان"

### لە یادەوەریی ٢٠ساڵەی دامەزراندنی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی كورد و ٦٠ ساڵەی كۆماری كوردستان/مهاباددا

مەڵبەند




بەرهەمی كۆكراوەی بەشداربووانی خولەكە



بەشداربووانی "خولی نووسینی داهێنەرانە بۆ كوردان"

خولی نووسینی داهێنەرانە بۆ كوردان، ناونیشانی ئەو كۆرسە بیست سەعاتییە بوو كە بە هەوڵی (پرۆژەی مەرەكەبی نووسەرانی تاراوگە) و باربۆی (جڤاتی هونەرویژەیی ئینگلتەرە)، زانكۆی سەواس ـ لەندەن و هەریەك لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی كورد ـ لەندەن، بنكەی پەنابەرانی كورد (كیا)، خانووبەرەی كورد و كۆمەڵگای كورد، بە هەوڵی لێبڕاوانە و سەرپەرشتیی چۆمان هەردی ساڵی پار بۆ ١٧ نووسەری تەمەن جودای كوردی هەر چوار بەشی كوردستان لە زانكۆی سەواس ـ لەندەن بەڕێوەچوو.

ئەم خولە كە بریتی بوو لە كۆرسێكی هونەریی هەشت ئێوارەیی، تەوەری یەكەمی هەموو دانیشتنێك تێیدا بە سروشوەرگرتن لە نموونەی نووسینی هونەرانی وەك دارین ریس ـ جۆنس، پۆلی كلارك، سەعدی یوسف و ڤینۆس خۆری ـ غاتا و چەندانێكی دی هێما و مانا و تەكنیكی نووسینی هۆنراوە و پەخشان فێركردن بوو. تەوەری دووەمیش پێكهاتبوو لە ڕاڤە و شرۆڤەكردنی بەرهەمی ڕۆژانەی بەشداربووان، دوابەدوای لێبوونەوەی نووسینەكان و خوێندنەوەیان لە ماوەیەكی دیاریكراودا.

تێكڕای ئەم بەرهەمانەش دەرئەنجام كرانە كتێبێكی قەشەنگ و دیسانەوە بە سەرۆكاری دوكتۆر هەردی و كۆمەكی «پرۆژەی مەرەكەبی نووسەرانی تاراوگە» بە ناونیشانی "باخچە ڕەوەندەكە" هاتە چاپكردن.

ئێوارەی ٤ی فێبریوەری ئەمساڵ لە ئاهەنگێكی خنجیلانەدا بە دەم دەنگی عودەكەی «ڕۆزگار» و دەفەكەی «ئاریا»، خواردن و خواردنەوەی بەتامەوە، ئەم كتێبە نمایشكرا و ژمارەیەكی زۆری لێ فرۆشرا. هەر لەو بۆنەدا زۆرینەی نووسەرەكان چەندانێك لە بەرهەمەكانیان خوێندەوە و ئێوارەكەیان ڕازاندەوە كە جێگەی ئافەرین و پێشوازیی گەرمی ئامادەبووانی زۆری ئینگلیزیزبان و خۆییش بوون.

ئەم بۆنەیە جگە لە هەوڵی ئەو چوار ڕێكخراوە كوردییەی كە ئاماژەیان بۆ كرا، لە لایەن سایتی كوردیش میدیاوە پشتگیریی ورەیی و بانگەشەی چالاكی بۆ كراوە.

ئەو نووسەرانەی كە بەشداری ئەم بەرهەمەیان كردووە بریتین لە:
ئاوات نامیق ئاغا، ئاوات لویس، حوریە گونیس، خەسرەو مستەفا، ڕەزا هیوا، زیا ئەلسورمەلی، سیڤەر غەفور، شایی سالار ڕەئوف فەرەج، عەلی مەناز، فەلاح فەیلی، كەریم عومەر، نەزەند بەگی خانی، هەستی ساڵح، هۆشیار محەمەد و یاسین عەزیز.
شایانی باسە نیگاری ئەم بەرهەمە بە خامەی هونەرمەندی لاو «لۆزان غەفور»ی خوشكی سیڤەر كێشراوە.

ئەم هەوڵە ئەوە دەردەخات كە گەلی كورد سەرەڕای نەهامەتی و كوێرەوەری، هێشتا گەلێكی زیندووە و مەبەستیە كە بەرهەمی بەكەڵك بخاتە سەر خوانی هەموو مرۆڤایەتی.

ئەوەی دەخوازێت كە دانەیەكی ئەم كتێبەی دەست بكەوێت، دەتوانێت پەیوەندی بەم ناونیشانە ئەلكترۆنییەوە بكات:
www.exiledwriters.co.uk

نرخی هەردانەیەك ٣,٩٩ پاوەندە بە پارەی تێچووی ڕەوانەكردنیشەوە بۆ ناو بریتانیا.

# منداڵانی خوێندنگاکانی لەندەن بەشداری لە ٢٠ ساڵیادی دامەزراندنی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد (KCC)دا دەکەن

**عەدنان شاسوار**



ئاهەنگی منداڵان

شەممە، ٢٠٠٦/٢/٤، زیاتر لە ١٠٠ منداڵ،٦٠ گەورە و کەسوکار و خوێندکاری خوێندنگای ئازادی سەر بە خودی مەڵبەند و یانەکانی (Croydon, Sutton and Hammersmith & Fulham)ی سەر بە کۆمەڵەی منداڵان و لاوانی کورد لە هەندەران (KANGA) و خوێندنگاکانی هەڵەبجە، زاگرۆس و زێوەری سەر بە سەنتەری لاوان و منداڵانی کوردی (KCYC) بوون، لە هۆڵی کوردستان لە (KCC) ئاهەنگیان بە بۆنەی ٢٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی مەڵبەنددا گێڕا.

میدیا زەهاوی و سەربەست کەرکووکی، کارمەند و ئەندامی کۆمیتەی مەڵبەند، ڕێکخەر و بەڕێوەبەڕی ئاهەنگەکە بوون. جێی داخە، لەپای هۆکارێکی تەکنیکیدا، ئەوە سەری نەگرت کە هونەرمەند سەلاحەددین محەمەد (مام عەولا) کە لە کوردستانەوە بانگهێشت کرابوو، ئامادە ببێت و کۆنسێرتی مۆسیقا و گۆرانی پێشکەش بە منداڵان بکات! هەربۆیە ئەو لایەنانەی سەرەوە چاکیان لێ کرد بە لادا و ئاهەنگەکەیان سازدا!

هەر یەک لە عەدنان شاسوار، دڵشاد حافظ ڕێکخراوەکانی خۆیان، واتە KANGA و KCYC یان بە ئامادەبووان ناساند. ئەمەل سەعید کوردە، دلۆڤان بەقاڵ و کوێستان مەحموودیش بەکورتی باسیان لە چالاکییەکانی خوێندنگاکانیان کرد.

منداڵەکان کاتێکی لەبەرچاوی ئاهەنگەکەیان پڕ کردەوە. دلاوا سەربەست هۆنراوەیەکی خۆی خوێندەوە. سروود، گۆرانیی کوردی و ئینگلیزیان خوێند. باشۆ ئەنوەریش گیتاری لێ دا، بەدەم گۆرانییە خێراکانی کارزان تایەر و ڕێژەن جەمالەوە هەڵپەڕکێیان گەرم کرد. شانۆیەکی کورت کە تیشکۆ شێرزاد ئامادەی کردبوو، نمایش کرا. گەمەی سادە و کێبەرکێیان ئەنجام دا. دیانا سەربەست، Fashion Show یەکی کورتی پێشکەش کرد.

شادمانی ڕوویانی نەخشاندبوو، دیار بوو چێژە لە چالاکییەکانی خۆیان وەردەگرن و لە دنیا تایبەتییەکەی خۆیاندان!

منداڵەکان داوەتی ڕێکخراوی خانەخوێ بوون و هەر هەمووشیان خەڵاتیان پێ بەخشرا.

مامۆستا دڵشاد فیلمێکی دەربارەی چالاکییەکانی خوێندنگای هەڵەبجە، کە





منداڵانی بەشداربووی ئاهەنگی منداڵان، لە هۆڵی کوردستانی مەڵبەند، ٢٠٠٦/٢/٤

ڕەوەندی کوڕی ئامادەی کردبوو، پێشکەش کرد.

ژمارەیەک لە منداڵەکان ڕاستەوخۆ و دواتریش چەند باوک و دایکێ سەرنجی باشیان پێشکەش کرد بۆ ئەوەی ڕێکخەرانی چالاکییەکە لە ئاهەنگەکانی ئاییندەدا ڕەچاویان بکەن! یەک لە داوای منداڵەکان ئەوە بوو کە پرۆگرامەکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا (٢ تا ٥)، خۆیان گوتەنی: درەنگتر دەست پێ نەکات و زووتر کۆتایی بێت.

سەرەڕای ئەوانەی ناویان هاتووە، هەڵەت هەمەوەند، دڵخۆش عومەر و دلێر طیب طاهر لە مەڵبەند، جووتیاریش لە KANGA خۆبەخشانە کاری باشیان کرد و بۆ سەرخستنی ئاهەنگەکە ماندوو بوون.

هاریکاریی نێوان ئەو ڕێکخراو و چالاکییانەی خزمەتی منداڵان و لاوانی کورد دەکەن، سەرەتایەکی باش و هەنگاوێکی پۆزەتیڤە ڕووەو گەیشتن بە ئاکارێکی هاوبەش بۆ دەستەبەرکردنی دەستکەوتەکانی نەوەی نوێ لە بریتانیا بەگشتی و لە لەندەن بەتایبەتی!



تیپی منداڵان بەشداری ئاهەنگی یادەوەریی مەڵبەند دەکەن



منداڵێکی بەشداربووی ئاهەنگەکە

# د. نوری تاڵەبانی: "دواخستنی جێبەجێکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی کورددا نییە"

**مەڵبەند**




د. نوری تاڵەبانی و ئەنوەر محەمەد (فۆتۆ: ئەکی بابەمیری)

دوابەدوای ئەوەی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عیراق ئاشکرا کرا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری هاتنەکایەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە سوننە وەکو لایەنێکی سەرەکی بەشدارییان کرد و لە گۆڕەپانی سیاسی و ئیداری عیراقدا ئاڕاستەکەیان گۆڕی. ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر مەسەلە هەنووکەییەکان و گۆڕینی مەوداکەی. بێگومان هەر لەم میانەیەشەوە کاریگەرییەکان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و گۆڕەپانی سیاسی کوردیش بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگ دەداتەوە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکان و ئاشناکردنی کۆمەڵگای کورد لە بریتانیا، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد، دەستگای خانووبەرەی کوردی، کۆمەڵگای کورد، ڕێکخراوی پەککەوتەکانی کورد و بنکەی پەنابەرانی کورد (کیا)، ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/١٩، لە هۆڵی (Council Chamber)ی کینزنگتن تاونهۆڵ، کۆڕێکیان بۆ دکتۆر نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ساز کرد. کۆڕەکە خۆی لە چوارچێوەی سێ تەوەری سەرەکیدا بوو، وە ناوەڕۆکەکەیشی بریتی بوو لە: بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان و میکانیزمی کارەکانی و ئاییندەو چارەنووسی کەرکووک. شایانی باسە کۆڕەکە لەلایەن ئەنوەر محەمەد، سەرۆکی کۆمیتەی مەڵبەندەوە، بەڕێوەچوو.

د. نوری باسی لە سەرەتاکانی کارکردن بۆ کوژانەوەی ئاگری شەڕی براکوژی کرد و جەختی کردە سەر خراپی ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەی کە بەسەر میللەتی کورددا سەپا. سەرەڕای ئەمە باسی چۆنێتی کۆتایی پێهێنانی ئەو ئاگرەی کرد کە چۆن لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن کۆتایی هات. دواتر باسی کاریگەرێتی شەڕی ناوخۆی کرد لەسەر دابەشبوونی ئیدارەکان ـ سلێمانی و هەولێر ـ. هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە چەند زەحمەتە لە پاش ئەو هەموو دابەشکردنە، سنووری دەسەڵاتە ئیدارییەکان گرێ بدرێتەوە و بە تۆکمەیی یەکبخرێتەوە. پاشان باسی چۆنێتی هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان کرا کە لە دوای نزیکەی ١٢٠ کۆبوونەوەی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، گەیشتنە ئەوەی کە ئیدارەکانیان یەکبخەن و هەندێک لە وەزارەتەکان لەوانە «ناوخۆ، داد، ئابووری و...تاد»، بە گشتی لەسەری ڕێککەوتوون. دواتر د. نوری باسی ئەو بارودۆخەی کرد کە ئێستا پەرلەمانی کوردستان و

حکوومەتی کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت کە لەوەختی یەکگرتنەوەدایە.

د. نوری، باسی لە نارەزامەندی و مەترسی دووبارە هێنانەوەی جەعفەری کرد و باسی لەوەش کرد کە سەرکردایەتی سیاسی کورد چەند بێ دەنگ بوونە لە بەرامبەر هێنانەوەی دووبارەی جەعفەری بۆ سەر حوکم، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە چەندەها خاڵی لاواز لە کاتی حوکمی جەعفەریدا بەدی کرا.

لە ڕوویەکی ترەوە، باس لە مەسەلەی ناڵەباری بارودۆخۆی سیاسی کوردستانەوە نەکرا، بەڵکو ڕەشنووسی دەستووری پەرلەمانی کوردستان هەر بە پڕۆژەیی مایەوە، کە دوای ئەوەش دەستووری حکوومەتی عیراق دانراو ئێستا لە حاڵەتی جێبەجێکردن و کار پێ کردندایە. واتە لەڕووی یاساییەوە پەیڕەوی کردنی ئەو پڕۆژەیە لە پێش پەیڕەوکردنی پڕۆژەی دەستووری پەرلەمانی کوردستان، زیانێکی زۆر بە مەسەلە هەنووکەییەکان دەگەیێنێت."

لەڕوویەکی ترەوە بەڕێزیان باسی لە ئەمەش لە ڕووی نەبوونی کاربەدەستە کوردەکانی کەرکووک و پشتگوێخستنی ئاوارە و منافەسەی حیزبی لایەنە سیاسییەکان و گوێنەدان بە ئاوەدانکرنەوەی شاری کەرکووک، بە جوانی ڕەنگی دایەوە.

د. نوری پێشنیاری ئەوەی کرد کە دەبێت لایەنە کوردییەکان زیاتر گرنگی بدەن بە مەسەلەی کەرکووک لەڕووی بەهێزکردنی پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی شاری کەرکووک چ وەک عەرەب یاخود تورکمان بۆ گۆڕینی



بەشێك لە ئامادەبووانی کۆڕی د. نوری تاڵەبانی

دەستوور کرا، کە چۆن بە بەردەوامی مەسەلەی پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکان و دەستنیشانکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان، بابەتی سەرەکی یاساناسان و سەرکردایەتی سیاسی بووە.

لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە مەسەلەی دەستوور د. نوری وتی: "دواخستنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و جێبەجێ نەکردنی زیانێکی گەورەی بە مەسەلەی چارەنووسازی کورد گەیاند لە چوارچێوەی عیراقدا، لەبەر ئەوەی لە دەستووری حکوومەتی کاتیی هاتبوو کە ئەوەی پەرلەمانی کوردستان دایڕشتووە لە دەستووری ساڵی ١٩٩٢ دانیپێدا دەنرێت پێ دەکرێت، بەڵام وەکوو وتمان جێبەجێ نەکردنی دەستوورەکەی پەرلەمان بەهۆی شەرعییەتی پەرلەمان کرد کە گرنگی پەرلەمان لە وڵاتانی دنیادا دوولایەنە کە ئەویش یەکەمیان متمانە بەخشینە بە حکوومەتی نوێی هەڵبژێردراو و دووەمیان پەسەنکردنی پڕۆژەی قانوونی و یاساییەکانە. بەنیسبەتی پەرلەمانی کوردستانەوە کاروبارەکان هێشتا بە تەواوەتی نەچۆتە قاڵبی کاری جیدییەوە چونکە یەکگرتنەوەی حکوومەت (ئیدارە)کان بە شێوەیەکی عەمەلیانە هێشتا ماویەتی و لە جێبەجێ کرندایە، بۆیە نەبوونی حکوومەتی یەکگرتوو زۆر کاروباری پەرلەمانی دواخستووە.

سەبارەت بە باسکردنی مەسەلەی کەرکووک، د. نوری ئاماژەی بەوە کرد کە خەڵکی کەرکووک بە درووشمی قەبە هەڵخەڵەتێنراو ئەو شتانەی کە چاوەڕێی دەکرد بە واقعێکی تاڵ دەرکەوت، کە ڕای خراپ و پێدانی ڕای چاکەو لەبارکردنی کەشوهەوای ئازاد بۆ متمانەکردن بە کورد و دەسەڵاتی کوردی.

لە کۆتایی قسەکانیدا د. نوری باسی لە مادەی ٥٨ کرد کە ئێستا بە مادەی ١٣٦ ناو دەبرێت، ئەوەی ڕوونکردەوە کە هەرچەندە لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە دروستکراوە، بەڵام تا ئێستا بارودۆخی کەرکووک هەروەکو خۆیەتی و کارێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە. بۆ نموونەیش باسی ئەو ١٥ هەزار عەرەبەی کرد کە دەیانەوێت کەرکووک بەجێ بهێڵێن، بەڵام تا ئێستا ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و کارئاسانیان بۆ نەکراوە.

دوابەدوای ئەمە دەرگای لێدوانی گفتووگۆکان و پرسیارەکان بۆ ئامادەبووان کرایەوە و چەند پرسیارێک ئاڕاستەی د. نوری کرا و بەڕێزیان بە پێی کات و پێویست وەڵامی دانەوە.

# بنکەی چاپەمەنیی ژین و چوار بەرهەمی نوێی ئەنوەر سوڵتانی

١– «ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا ـ وەرگێڕاوی ١٣٠ بەڵگەنامە»
بەڵگەنامەکان لە ئینگلیزییەوە کراونەتە کوردی و ٨٥٪یان سەبارەت بە کۆماری کوردستان (١٩٤٦)ن، بەڵام هەندێ بەڵگەنامەی سالانی کۆمەڵەی ژێکاف (١٩٤٢ تا ٤٥) و هەروەها بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە ڕاپەڕینی جوانڕۆ (١٩٥٧)یشی لەگەڵ خراوە و بەگشتی سالانی ١٩٤٢ تا ١٩٥٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ـ بەتایبەت «ڕۆژمێری تەورێز»ی کۆنسولیەتی بریتانیا لە شاری تەورێزی ئازەربایجانیان گرتۆتە بەر. (٤٦٢ لاپەڕە)




٢– «درایڤر و کورد» کۆمەڵەی ٥ وتاری ج. ر. درایڤر
ئەم وتارانەش لە ئینگلیزییەوە کراونەتە کوردی. درایڤر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ناسراوترین ڕوخساری ئاکادیمیکی بریتانیا بوو، کە سەبارەت بە مێژووی کورد بابەتی دەنووسی. وتارەکان بریتین لە:
ـ وشەی «کورد» و پێوەندە زمانەوانییەکانی
ـ بڵاوبوونەوەی کورد لە سەردەمی کۆندا
ـ توێژینەوە لە مێژووی کورد
ـ ئایینی کورد
ـ بەرهەمی سروشتی و پیشەسازی باکووری کوردستان (١٤٠ لاپەڕە)




٣– دوو ذەیلی شەرەفنامەی بتلیسی (دەقی فارسی و تورکی و وەرگێڕاوی کوردی): (١) مێژووی ئەگیل و پالو. (٢) مێژووی ئەردەڵان. دوو پاشبەند یا زیادکراوی ٢ نوسخەی دەستنووسی شەرەفنامەی بتلیسین. یەکەمیان تورکییە و «شەمعی» ناوێک ٨٥ ساڵی دوای تەواوبوونی شەرەفنامە (١٥٩٧ز) نووسیویە و مێژووی ئەو ٨٥ ساڵەی دوو هۆزی «ئەگیل» و «پالوو»ی لە باکووری کوردستان لە شەرەفنامە زیاد کردووە.




دووەمیان محمد ابراهیم ئەردەڵانی لە ساڵی ١٨١٠ واتە ٢١٠ ساڵ دوای تەواوبوونی شەرەفنامە نووسیویەتی و مێژووی ئەردەڵانییەکانی لە دوای شەرەفنامەوە تا ساڵی ١٨١٠ هێناوە. ئەم مێژووە کورتە، بە فارسی نووسراوە. (١٨٠ لاپەڕە)




٤– لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێری کورد.
لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی لەسەر ژیان و ئاسەوارە شیعری و ئەدەبییەکانی میرزا ابوالقاسم لاهوتی کرماشانی (١٩٥٧–١٨٨٥)، ڕۆژنامەنووس، شاعیر، چیرۆکنووس و وەرگێڕای ناسراوی کورد و یەکەمین کوردێک کە میدالیای لینینی لە دەستی ستالین وەرگرت و بوو بە وەزیری فەرهەنگی تاجیکستان. دوو پارچەشیعری کوردیی لاهووتی و کۆمەڵێک وتاری نووسەران لەمەڕ لاهووتی، هەروەها وەرگێڕاوی وتارێکی ناوبراو سەبارەت بە کێشەی کورد کە دوکتۆر جەبار قادر لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی کراونەتە پاشکۆی کتێبەکە. (٣٠١ لاپەڕە).

هەر چوار کتێب لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی «ژین»ەوە لە سلێمانی بڵاو کراونەتەوە.

# سێ بڵاوکراوەی نوێ لە شاری کەرکووك

## لەبارەی کەرکووکەوە

کتێبێکی نوێی ڕۆژنامەنووسی هێژا کاک «عارف قوربانی»یە.
ئەم کتێبەی کاک قوربانی سپێکهاتووە لە کۆبەندی کۆمەڵێ لەو وتارانەی نووسەر کە لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا لە ساڵانی ٢٠٠٣وە تا ٢٠٠٥ بڵاوی کردونەتەوە. کتێبێکی ڕەخنەگرانەیە لە باروودۆخی سیاسی و ئابووریی کێشەی کورد و مەسەلەی کەرکووک و هەڵوێستی




سەرکردایەتیی سیاسیی کورد.
قوربانی، وەکو خۆی لە وتارێکی کتێبەکەدا نووسیویەتی: "بڕوای وا بوو دوای ئەو فرسەتە زێڕینەی بە هۆی پرۆسەی ئازادی عیراقەوە لە کەرکوک بۆ کورد ڕەخسا، سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆرترین کات و توانای خۆی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کەرکوک تەرخان دەکات، باشترین کادری سیاسی و عەسکەری و زۆرترین ئیمکانیاتی مادی دەخاتە کەرکوکەوە..."
بەڵام عارف وەکو خۆی دەڵێت: "ئەمانە تەنیا بۆچوون بوون و هیچیان وا دەر نەچوون..."
لە وتارە سەرەکییەکانی ئەم کتێبەی کاک عارفدا، ئەم ناوونیشانە هەرەگرنگەکانن:
ـ پێویستە مام جەلال و کاک مەسعود ماڵیان بێنن بۆ کەرکووک.
ـ هەر ئالایەک لە کەرکووک هەڵبدرێت، ئالای خەڵکی کوردستانە.
ـ برایەتیی کورد و عەرەب، دڵدارییەکی یەکسەرە.
ـ سڵاو لە تورکمانە ژیرەکانی کەرکووک.
ـ کەرکووک، حکوومەتەکانی هەولێر ـ سلێمانی.
ـ کەرکووک و پەرلەمانی کوردستان.
ـ گەڕانەوەی کەرکووکییەکان بۆ کەرکووک پێویستییەکی قۆناغەکەیە.
ـ کورد دەستبەرداری کەرکووک نابێت.
ـ کورد پێویستی بە کاک «جەلعود» هەیە.
ـ پەرلەمانی کوردستان، یان ئەنجوومەنی عەشایریی کورد.
ـ سیاسەتی بریتانیا لە کەرکووک، بانێکەوە و دوو هەوا.
کاکە قوربانی لە وتاری «هەڵبژاردنی قایمقامی داقوق»دا دژ بە حیزبایەتیکردن لە کەرکووکدا دەڵێت: "نابێ و ناکرێ و ڕێگە نادەین لە کەرکوک ململانێ ی حزبایەتی بکەن، چونکە کەرکوک و هەریەک لەو شار و شارۆچکانەی تا وادەی ڕوخانی بەعس بە دەستی ڕژێمەوە بوون و بایی ئەوەیان پێوە نەماوە کە بکرێنە شوێنی ململانێی حزبایەتی، بەڵکو کوردایەتیان پێوویستە.."
قوربانی لە وتاری «کەرکوک و کلاوقاسم»دا ڕوو دەکاتە لێپرسراوان و سەرانی کورد و لێیان دەپرسێت: وا شەش مانگە لە کەرکوک داین و هەقە بپرسین بایی ئەو شەش مانگەی «کلاوقاسم» پارەتان بۆ خەرج کردوون؟ کۆبوونەوەی چرووپڕ و غورفەی عەمەلیاتتان بۆ دروست کردووە؟ ... لە کەرکوکدا تووڵە ڕێیەکتان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی خۆش کردووە؟
کاکە عارف لە وتاری «کەرکوک پایتەختە نەک دڵ و قودسی کوردستان»دا داوای ئەم هەڵوێستە لە هەموو کوردێک دەکات: "... پێویستە لەمەودوا بڵێین کەرکوک پایتەختە و داوا لە خاوەن ئەو تێزانە بکەین کە گەر کەرکوکیان بە دڵ و قودس دەزانی، با بێن هەموان خەبات بۆ پایتەختکردنی بکەین. چونکە گەر تەنیا بە دروشم بڵێین (دڵی کوردستانە) ئەوا کاتێ دەزانین جەڵدە لێی دەدا و، گەر هە بڵێین (قودسە) بە دەردی قودسی فەلەستین دەچێ."
لەبارەی کەرکوکەوە، عارف قوربانی، ٢٠٠٥ کەرکوک ـ کوردستان، چاپخانەی تیشک، ١٤٨ لاپەڕە.

## شار

گۆڤارێکی نوێی شارەوانیی کەرکووکە، ژمارەی حەوتی ئەم گۆڤارە لەم چەندانەدا گەیشتە کتێبخانەی کوردستانی مەڵبەند. شارەوانی گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە، بە سێ زمان دەردەچێت، بە کوردی، عەرەبی و تورکمانی. سەرنووسەری گۆڤارەکە ئەندازیار جەمال محەمەد شوکوری بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکووکە، بە هاوکاری و هاودەستەیی




لەگەڵ بەڕێزان عیماد عبدالرەزاق زەنگەنە، سمکۆ بەهرۆز، سوداد هاشم، هاشم عاسی و عەبدولعەزیز سەمین.
گۆڤارەکە، هەروەکو ڕادیۆی «شار»ی شارەوانیی کەرکووک، سلۆگانی «شار... شاری هەوانە، دەنگی تەبایی و پێکەوەژیانە، زمانحاڵی هەموو نەتەوەکانە»ی کردۆتە شاشیعاری خۆی. لە بەشی کوردیی ئەم ژمارەیەدا، کۆمەڵێک بابەت و لێکۆڵینەوەی بەسوود بڵاو کراونەتەوە، کە گرنگەکانیان ئەمانەی خوارەوەن:
ـ کەرکووک لە ساڵی ١٩٥٧ تا ١٩٧٥، نووسینی فاتیح شوانی.
ـ مێژووی ئایینی و باوەڕە ئایینییەکانی ناوچەی کەرکوک، نووسینی سمکۆ بەهرۆز.
ـ مێژووی دروستکردنی قەڵای کەرکوک،

ڕەمەزان شێخانی.
ـ چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەند عەباسی کەمەندی.
ـ کۆسپەکانی شارەوانی کەرکوک.
هەروەها بەشە عەرەبی و تورکمانییەکەشی کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی و فۆلکلۆری لە خۆ گرتووە.
شایانی باسە، کە گۆڤارەکە هەرچەندە وەکو ڕوخسار هەندێ لە گۆڤارەکانی تری ئەمڕۆی شاری کەرکووک جوان و ڕازاوەترە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەر پابەندی ڕێچکەی دوێنێی ڕۆژنامەگەریی عیراقە. پێویستیش دەکات کە سەرپەرشتانی چ وەکو ڕوخساری کار و دەرهێنان و دیزاین، چ وەکو سەنگی بابەت و لێکۆڵینەوەکان، ڕەچاوی سوودوەرگرتن لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆی جیهان، بکەن.
گۆڤاری «مەڵبەند» هیوای سەرکەوتنی زیاتر و پێشکەوتنی بەرچاوتر بۆ گۆڤارەکە و کارمەندان و نووسەرانی «شار» دەکات.
گۆڤاری «شار»، ژمارە ٧، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، چاپخانە ؟، ١٠٤ لاپەڕە.

## هەوار

گۆڤارێکی ڕووناکبیریی گشتییە، لەلایەن سەنتەری ڕوناکبیریی ئێلبەگی جاف، لقی کەرکووکەوە دەردەچێت. یەکەم ژمارەی، یا ژمارە یەکی، گەیشتە کتێبخانەی




«کوردستان»ی سەر بە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد.
ئەم گۆڤارە بە سەرپەرشتیی کۆمەڵێ ڕۆشنبیری بەڕێز بەڕێوە دەچێت، کە سەردەستەیان «عەبدولکەریم حاجی حەمەعەلی»ی شاعیر و نووسەرە.
لەم ژمارەیەی ئەم گۆڤارە ڕازاوەیەدا کۆمەڵێ نووسەری ناسراوی دونیای ڕۆژنامەگەریی کوردستانی باشوور، وەکو بەڕێزان مامۆستا موعتەسەم ساڵەیی و هاشم کاکەیی نووسین و لێکۆڵینەوەی خۆیان بڵاو کردۆتەوە.
هەڵبەتە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم نۆبەرەیە، ئەمانەی خوارەوەن:
ـ ئێلی جاف لە کەرکووکدا، نووسینی بورهانەدین عەوڕەحمان.
ـ ئێلبەگی جاف و سۆفیگەری، نووسینی هاشم کاکەیی.
ـ کوردی گەرمیان و دابونەریت، نووسینی سروە محمد عزیز
ـ لە حیکایەتەکانی ناوچەی گەرمیان، نووسینی موعتەسەم ساڵەیی.
ـ شاعیری ماندوونەناس لەتیف هەڵمەت، نووسینی د. عەولکەریم حاجی محمد.
ـ هەندێ لە شیعری چوارینەی قۆریاتی تورکمانی، نووسینی کەژاڵ سید کەریم.
ـ گەشەکردنی ڕووناکبیری و بایەخدان بە باری کۆمەڵایەتی لە شاری کەرکوک، نووسینی نەوزاد محمد کاکەیی.
گۆڤاری «مەڵبەند» لەگەڵ دەستخۆشیکردنی لە سەرپەرشتانی ئەو تازە بەرهەمە، لای وایە کە پێویستە سەرپەرشتانی گۆڤاری «هەوار» لایەک لەم سێ خاڵە بکەنەوە، کە لە ژمارە یەکی «هەوار»دا ڕەچاو دەکرێن و بە ئومێدی ئەوەی لە ژمارەکانی ئایندەدا گرنگییان پێ بدرێت:
ـ پێویستە لە سەرجەمی وتارەکاندا ڕێبازێکی یەکگرتووی ڕێنووس بە کار بهێنرێت، نەک ڕێنووس بە ئارەزووی خاوەنی هەر نووسین و نووسەرێک.
ـ پێویستە جگە لەو وتارانەی کە لە فۆلکلۆرەوە هێنراون و بە کار هێنراون، نووسینەکان دوور بخرێنەوە لە بنلەهجەی ناوچەیی و گرنگییش بدرێت بە جیاوازیکردن لەنێوان شێوازی نووسینی ڕۆژنامەگەری و ئاخاوتنی خەڵک بەگشتی.
ـ گرنگە گۆڤارەکە لە دونیای ڕۆژنامەگەریی ئەمڕۆیی گۆشەگیر نەکرێت، گۆڤارەکە هاوپەیوەندی بۆ دروست بکرێت لەگەڵ دونیای ئینتەرنێت، چ بۆ ئەوەی لەو دونیایە سوود وەربگرێت و بیکاتە سەرچاوە، چ وەکو ئەوەی لەو پەنجەرەیەوە خۆی بگەیەنێت بە خوێنەران لە هەر کوێدا هەن.
ـ گۆڤاری «هەوار»، ژمارە ١، ئەیلولی ٢٠٠٥، چاپخانەی بابان، کەرکوک، ٥٨ لاپەڕە.

## دوو بەرهەمی نوێی عەبدوڵڵا پەشێو

مەڵبەند



لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦دا، بۆ یەکەمجار کۆشیعری «عەبدوڵڵا پەشێو» کەوتە بەر دەستی عاشقانی پەیڤی کوردی. سەرجەمی بەرهەمەکان لە دوو دیواندا کۆکراونەتەوە:
١ـ «پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە» کە شیعری ساڵانی ١٩٦٥–١٩٧٩ی تێدایە.
٢ـ «هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا» کە شیعری ساڵانی ١٩٨٠–٢٠٠٥ی تێدایە.
شاعیر ئەم کۆبەرهەمەی خۆی بە تەنیا سەرچاوە دادەنێ بۆ بەرهەمەکانی خۆی و بەمەش ئەو چاپانە پووچەڵ دەکاتەوە کە بەبێ پرسی شاعیر لە ساڵانی دواییدا بە هەموو شارەکانی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە، بە تایبەتی «دیوانی دکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو» کە ناحەزانی وشەی کوردی بە چاپیان گەیاندووە و بە دەستی ئەنقەست دەستیان لە شیعرەکان وەرداوە.
بەرگی یەکەمی دیوانی پەشێو ٤٩٦ لاپەڕەیە و بەرگی دووەمیش ٥١٢ لاپەڕەیە.
پەشێو بە تەمایە، بەم نزیکانە لە سوێد ئەم بەرهەمانە چاپ بکاتەوە.
شایانی باسە، پەشێو لە "بەرکوڵ"ی «پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە»دا، دەڵێ: "بیست ساڵ زیترە، لە کوردستان بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بەتایبەتی، دیوانەکانم بێ پرسی من چاپ دەکرێن.
لەو چاپە بێنموود و پڕ هەڵە و پەڵانەدا بەروبوومی چل ساڵی ژیانم شێوێنراوە. شیعرە جگەرگۆشەکانم، لە بەر چاوی زەقی دەسەڵاتی خۆیی و بێگانەدا، لەسەر شەقامەکان بە سەربڕاوی کەوتوون.
پێم خۆشە جارێکی تریش هەموو خۆشەویستانم ئاگادار بکەمەوە، کە ئەو دیوانانەی بێ ئاگاداریی من چاپکراون دەستیان تێوەردراوە، بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ناشێن.
ئەوەی بە من کراوە باوەڕ ناکەم، بە درێژاییی مێژووی چاپەمەنی، بە نووسەرێکی تری زیندوو کرابێ.
شێواندنی بە ئەنقەستی بەرهەمەکانم و چاونووقاندنی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەولی کوشتنمە، کوشتنێکی بێدەنگ و لەسەرخۆ.
دانی پێدا دەنێم:
تاوانباران ئامانجی خۆیان پێکاوە.
هۆی سەرەکیی تێکچوونی تەندرووستیم لە ساڵانی دواییدا ئەتککردنی جگەرگۆشەکانمە.
تاکە شتێک جێی ئومێد بێ، ئەوەیە، خەمخۆرانی پەیڤی کوردی و هەموو ئەوانەی ڕێزیان هەیە بۆ قەڵەمی خاکی و کەمبەرشتم ئەو دیوانە شەقوشرانە، بەتایبەتی «دیوانی دوکتور عەبدوڵڵا پەشێو»، بسووتێنن و ئەو کەسانەش تفباران بکەن کە چاپیان کردوون، یا بڵاویان دەکەنەوە."

بڵاوکراوەی نوێ

# چۆن بە ئینگلیزی نامە دەنووسی؟

ئا: مەڵبەند

پرسیارێکە و لەلای زۆربەی ئەوانەی زمانی ئینگلیزییان ڕایی نییە، وەڵامەکەی دەستوەستانی و ڕامانە..!
نامەنووسین، بە زمانێکی غەیری زمانی زگماگی خۆ، بۆ هەر کەسێکی سەر ئەم زەمینە، گرانە و بەتایبەتی بۆ کەسانی نەتەوەیەک کە نووسین و نامەنووسین تێیاندا کەڵچەری باو نەبێت.
واتە نەک بە زمانی غەیرە، بەڵکو هەتا بە زمانی کوردیش نووسینی نامە، بۆ ڕێژەیەکی هەرە زۆری ئێمەی کورد، زەحمەت و گرانە.




ئەوەی لەم وڵاتی غوربەتەشدا ڕەچاو کراوە و ڕەچاو دەکرێت، کەمیی ڕێژەی خوێندن و توانای نووسینە لەناو کوردانی پەنابەر و داواکارانی پەنابەری.
لەم وڵاتەشدا، داواکردنی خزمەتگوزاری، داواکردنی مافی خانووبەرە و..تاد، گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێت، ئەگەر نەخرێنە سەر کاغەز و نەکرێنە نامە و بە نامە پێشکەشی دەسگا بەرپرسەکان نەکرێن. واتە کەڵچەری نووسین، کەڵچەری پێویست و کەڵچەری گرنگە بۆ هەموو هەنگاوێکی هاوپەیوەندیکردن بە دەوروبەر.
حاجی کەریم سابیر، کە خۆی سەرۆکی ڕێکخراوی کەمئەندامانی کوردە لە بریتانیادا، بە تاقیکردنەوەی کار و خزمەتگوزاریی چەند ساڵەی، لەنزیکەوە هەستی بەم لایەنە نائیرووەی زۆربەی پەنابەران و داواکارانی پەنابەرانمان کردووە، بۆیە چاکی مەردایەتی لێ هەڵماڵیوە و نزیکەی ساڵێکی ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلینە.
حاجی کەریم بەپێی توانای خۆی، هەڵبەتە توانای هەر یەکێکیشمان سنووردارە، هەوڵی داوە وەڵامدانەوەی پرسیاری «چۆن بە ئینگلیزی نامە دەنووسی؟» بۆ ئەو خەڵکانەی کە پێویستیان پێیەتی، ئاسان بکات.
هەوڵە بەئەمەکەکەی حاجی کەریم. ئەم کتێبە گرنگەیە، کە جگە لە پێداویستیی پەنابەران و داواکارانی پەنابەری، کتێبخانەی کوردیشی پێ دەوڵەمەند دەبێت.
کەریم سابیر (ناسراو بە حاجی)، ئەم کتێبەی کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ نامەی جۆراوجۆری ئینگلیزی و تەرجەمەی نامەکە بە کوردی، دابەشکردۆتە سەر چەندین بەشی هەمەڕەنگ. کە گرنگەکانیان ئەمانەی خوارەوەن:
- ڕێکخستنی نامە بەگشتی، کە پێکهاتووە لە ناوونیشانی خۆت، ناوونیشانی ئەو جێگەیەی نامەکەی ئاراستە دەکرێت، مێژوو، ناوی ئەو کەسەی بۆی دەنێریت، بابەتی نامەکە و دەقی نامەکە، کۆتایی و ناو و ئیمزاکردنی.
- بەشی پەنابەری، لەم بەشەدا جگە لە نامەی داواکردنی پەنابەری، چەندین نامەی جۆراوجۆری تری هاوپەیوەند بە کێشەی پەنابەری تێدایە.
- بەشی سۆشیال و کۆمەک و یارمەتیی ژیان.
- بەشی تەندروستی.
- بەشی بانک.
- کڕین و فرۆشتنی خانوو و شتی تر.
- کۆنتراکتی کار و نامەی داواکردنی ئیش و کار.
- نامە بۆ کاروباری خانووبەرە و...
- هەروەها چەندین بەشی تر.
ئێمە لەگەڵ دەستخۆشیکردنمان لە حاجی کەریم، داوای ئیش و بەرهەمی زیاتری لێ دەکەین، بەڵام بە مەرجێ کارەکانی پەلەی تێدا نەکرێت.

حاجی کەریم سابیر، چۆن بە ئینگلیزی نامە دەنووسی؟ شوێن..؟، ساڵی ..؟، لاپەڕە ١٦٨

# کۆتر شین و زەوی سپی

ئا: مەڵبەند




چیرۆکێکی نوێی نووسەر «محەمەد فەریق حەسەن»ە، بۆ منداڵانی کورد نووسراوە.
چیرۆکەکە، کە بە دیزاینێکی فرەقەشەنگ و جوان لە لایەن دەستگای «ئاورا»ـەوە ئامادەکراوە و بە نیگارەکانی دەستی حەمەسەعید باپیر ڕازاوەتەوە، باسی کۆترێک دەکات کە دەیەوێت ئازاد بێت و لە ڕۆژانەی ئازادبوونەکەیدا هەر هەموو پەند و ئامۆژگارییەکانی دایکی فەرامۆش دەکات و ئەو فەرامۆشکردنە دەبێتە هۆی کەوتنە داو و گەیشتنی ژیانی بە دوائاست و پلەی سەرەمەرگ.
بەڵام تەنیا ڕێککەوت، ئەویش ڕێککەوتێکی زۆر زۆر چاوەڕواننەکراو، وەبیرهاتنەوەی پەند و ئامۆژگارییەکانی دایکی، هێز و تینی دەداتێ و دەتوانێت لە تۆڕی داوەکە خۆی ڕزگار بکات.
ڕزگابوونی کۆترە شینەکە و بەرەو ئاسمان بوونەوەی، لەدایکبوونێکی تر بوو، کە ئیتر وای لێکرد لە نرخ و بەهای ئازادی بزانێت.
ئێمە بە ناوی "مەڵبەند"ەوە، دەستخۆشی لە نووسەر و لە دەسگای "ئاورا" دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە ڕەنگینەیان.

محەمەدفەریق حەسەن، کۆتر شین و زەوی سپی.
نیگاری، حەمەسەعید باپیر، چاپی یەکەم: سوێد. ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٥. ٢٩ لاپەڕە.

# کۆمەک

سروە نوری عەزیز ـ سوید

لە ساڵی ١٩٩٧ لە ستۆکهۆڵم، سوید، دامەزرا. ئامانجی کۆمەک، لەو ڕۆژگارەدا، کۆمەککردنی منداڵانی هەژاری باشووری کوردستان بوو لەلایەن کوردانی هەندەرانەوە تا لە خوێندن دانەبڕێن.
کۆمەککردنەکە لە ڕێگای پشتیوانییەوە دەکرا. هەرکەسێک دەیتوانی ببێتە پشتیوانی منداڵێک، یان چەند منداڵێک و مانگانە بڕی ١٠ دۆلاری بۆ هەر منداڵێک دەناردە سەر کۆنتۆی کۆمەک. لەو ڕۆژگارەدا ـ دوای سی ساڵ کاولکردن، ئەنفال و کیمیابارانی، حەوت ساڵ گەمارۆدان و ئابلۆقەی ئابووریی باشووری کوردستان لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە، شەڕی ناوخۆش بووە سەرباری ـ ئاکامەکەی ولاتێکی کاول و گەلێکی بێبەرهەم و چاولەدەستی ئەو برەخۆراکەی کە لە سامانی ولاتەکەی خۆی، وەک خێر، دەیدرایە! بە سەدان و بگرە هەزارانیش منداڵ پۆلەکانی خوێندنیان جێدەهێشت و بۆ پەیداکردنی بژێو دەڕژانە سەر جادە و کۆڵانان. ئەوانەی کۆمەکیان دامەزراند، دەیانویست بەری ئەو لێشاوە بگرن.
سەرەتا بە دابینکردنی خانوویەک بۆ هەشت منداڵی بێ سەرپەرشتی لە ئەنفال دەربازبوو، دەستیان پێکرد. ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ و ساڵ بە ساڵ ژمارەی منداڵەکان زۆرتر دەبوون، تا لە ساڵی ٢٠٠٣دا ژمارەی ئەو منداڵانەی لەلایەن کۆمەکەوە پشتیوانی دەکران لە هەزار تێپەڕی، بۆیە کۆمەک بۆ ڕێکخستنی کارەکانی، حەوت (دەفتەر ـ بنکە)ی لە زاخۆوە تا کەلار، ساز کردبوو. کارەکانی ئەو دەفتەرانە لەلایەن هاوکارانی کۆمەک لە کوردستان، خۆبەخشانە، دەبران بەڕێوە. لە ساڵی ٢٠٠٢دا کە کۆمەک پەلی هاویشت بۆ نەرویج و هۆڵاندا و ئەڵمانیا، ژمارەی ئەو منداڵانەی لەلایەن کۆمەکەوە پشتوانییان لێدەکرا، گەیشتە نزیکەی هەزار منداڵ.
شایانی باسە کە جگە لەو دڵسۆزانەی کە لە هەندەران دەبوونە پشتیوانی منداڵانی باشووری کوردستان، چەند کەسێکی دڵسۆزیش لە ولات دەبوونە پشتیوانی ژمارەیەک لە منداڵان. دیسان ڕۆڵی چەند هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ، چ بە بەشداریکردن لەو شەوئاهەنگانەی کۆمەک سازی کردوون، چ بە بەخشینی بەشێک لە بەرهەمەکانیان بە کۆمەک، سەرچاوەیەکی دارایی باشیان بۆ کۆمەک دابین دەکرد. هەموو ئەو کەسانەش کە لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەکدا بۆ بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی کارەکانی کۆمەک بۆ ماوەی ساڵێک هەڵدەبژێردران، خۆبەخشانە، کاریان دەکرد. سەرەڕای ئامانجی سەرەکیی کۆمەک، کە پشتیوانیکردنی منداڵانی هەژار بوو تا لە خوێندن و قوتابخانە دانەبڕێن، لە پاڵیشدا چەندەها (خولی ڕاهێنان)یشی بۆ منداڵان و لاوان و ژنانیش کردۆتەوە. بۆ نموونە لە زەڕایین، دووکان، شارباژێر، هەولێر، سلێمانی، کەلار و هەڵەبجە لەو خولانەدا، مافی منداڵ، کۆمپیوتەر، زمانی ئینگلیزی، مۆسیقا و ماتماتیک خوێندراون. ئەم چالاکییانەشی لەژێر چەتری پرۆژەی (ئاشتی) کە لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری سویدی ـ بنکەی سیدا ـ باربوو دەکرێت، ئەنجامداوە.
لە ساڵی ٢٠٠٣دا و دوای ڕووخانی ڕژێمی عیراق، کۆمەک گەلێک کار و چالاکی لە کەرکووکدا ئەنجامداوە، کە ئائێستاش هەر بەردەوامە، لەوانە پرۆژەی خاسە (کۆمپیوتەر، ماف، زمانی کوردی و ئینگلیزی) تێدا دەخوێنرێت. مەڵبەندی (لەیلا زانا) بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری تایبەتە بە ژنان و کچان.
هەر لە بواری چالاکییەکانی کۆمەک لە کەرکووک، چاپکردنی دە هەزار کتێب (خوێندنەوەی کوردی) بۆ قوتابخانە کوردییەکانی پەروەردەی کەرکووک ـ قۆناغی ناوەندی.
لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە ڕوویاندا، بەتایبەتی گۆڕانکارییە ئابوورییەکان، کۆمەک دەستبەرداری سیستەمی پشتیوانیکردن بووە و تەواوی توانای خۆی بۆ گۆڕانکاری لە بواری پەروەردە و فێرکردن (بەتایبەتی سەرەتایی) تەرخان کردووە.
بۆ ئەم مەبەستە لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٣دا لە گوندی کەندەکەوە، نزیک سلێمانی، پرۆژەی (ئاستريد ليندگرێن) بە ڕەزامەندیی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێم ـ سلێمانی، دەست بە کار بووە. ئەم پرۆژەیە پیادەکردنی سیستەمی خوێندنی سکەندناڤیایی نەرویج و سویدە. ئەم پرۆژەیە لە قوتابخانەی سەرەتایی گوندەکەدا ئەنجام دەدرێت. بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٥–٢٠٠٦ پۆلەکانی یەک، دوو، سێ، لە پرۆژەکەدان و لە بەرنامەدایە کە پرۆژەکە درێژە بکێشێت. گشت پێداویستییە مادییەکان و بەرنامەی خوێندن لەلایەن کۆمەکەوە دابین دەکرێت.
دیسان کۆمەک هەمان پرۆژەی لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٤دا لە گوندی دەڵاڵان، نزیک ڕانیە، پیادە کرد و بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٥–٢٠٠٦ پۆلەکانی یەک و دوو بە هەمان شێواز و پرۆگرام دەخوێنن. (بێگومان لەم پرۆژانەدا جیاوازییە مادی و کولتووری و مرۆییەکانی سکەندناڤیا و کوردستان لە بەرچاو گیراوە.)
بە مەبەستی ئاشناکردنی مامۆستا و هاوکارانی ئەم پرۆژەیە، تائێستا کۆمەک دوو گەشتی بۆ چوار مامۆستا و سێ لە هاوکارانی پرۆژەکە بۆ نەرویج و سوید ساز کردووە. گەشتی یەکەم سێ هەفتە بوو لە هاوینی ٢٠٠٤ و گەشتی دووەم سێ هەفتە بوو لە هاوینی ٢٠٠٥دا
ئامانجی ئەم گەشتانە ئەوە بوو کە مامۆستایان و هاوکارانی پرۆژەکان لەنزیکەوە بە شێواز و چۆنێتیی پەروەردە و قوتابخانەی سکەندناڤیایی ئاشنا بن و ئەو پرۆگرامانەی کە کۆمەک بۆیان ئامادە دەکات، لە پراکتیکدا ببینن و ئەگەری پیادەکردنی هەڵبسەنگێنن.
لەم گەشتانەدا، جگە لە سەردانی قوتابخانە و چوونە ناو پۆل و بینینی شێوەی وانەوتنەوە و هەڵسوکەوتی مامۆستا لەگەڵ



بەشێک لەو منداڵانەی ڕێکخراوی کۆمەک پشتگیرییان دەکات   (وێنەکان: ماڵپەڕەی کۆمەک)

قوتابیدا، لەلایەن کۆمەک خۆیشیەوە چەند کۆرسی تایبەتی بە تازەترین شێوازەکانی پەروەردەیان بۆ ساز کراوە و چوونەتە بینینی کتێبخانە و گەلەری و مۆزەخانە. ئەم کەسانە دوای گەڕانەوەیان چەند کۆڕ و سیمیناریان بۆ مامۆستا و کاربەدەستانی پەروەردە لە سلێمانی و ڕانیە گێڕاوە.

لە بواری پەخشکردنی زانیاری و ڕاگەیاندنیشدا، کۆمەک، لە (میدیا تیڤی) و (تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سلێمانی) بەرنامەی ساز داوە. لە هەفتەنامەکانی (هاوڵاتی)، (ئاشتی) و (ڕۆژهەڵات)دا، زانیاری دەربارەی سیستەمی پەروەردەیی و فێرکردنی نوێ و دێموکراتی، بەتایبەتی سیستەمی سویدی و کەمپانیای دژ بە جگەرەکێشان، پەخش کردۆتەوە.

کتێبی «سیستەمی فێرکاری» ئامادەکردنی هۆمەر قەرەداغی بە تیراژی ٥٠٠ دانە چاپ کردوو و بەبێ بەرابەر بەخشیوەتەوە بەسەر مامۆستایان و تایبەتکارانی بواری پەروەردە.

لە سایتی کۆمەکیشدا چەندەها بابەتی فێرکاری و پەروەردەیی و بابەتی دیکەی لەمەڕ منداڵان بڵاو کردۆتەوە. دواهەمین شتێک کە لەم بوارەدا جێگەی ئاماژەپێکردن بێت، ئەو هەوڵەیە کە ئێستاکە کۆمەک سەرقاڵیەتی، ئەویش پرۆژەی (هەنگاو بە هەنگاو)ە. ئەم پرۆژەیە کە تازەترین شێوازی پەروەردەکردنە، زیاتر ڕاهێنانی منداڵ ـ قوتابییە بۆ ئەوەی ڕێز لە هەست و سۆزی بەرامبەرەکەی بگرێت و تێگەیشتنی بۆی هەبێت. لە بەهاری ئەم ساڵدا، کۆمەک، توانی لەگەڵ ڕێکخراوی ئەمریکایی com-mittee for children دانوستاندن بکات بە مەبەستی مافی بەکارهێنانی ئەم پرۆژە گرنگە و بەبێ بەرابەر بە دەستی بهێنێت و بە نیازە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦–٢٠٠٧دا لە پرۆژەکانی کەندەکەوە و دەڵاڵان پیادەی بکات. بە مەبەستی ئاشنابوون بە چۆنێتیی پیادەکردنی پرۆژەکە، لە مانگی ئۆکتۆبەردا دوو کەس لە هاوکارانی کۆمەک بۆ ماوەی هەفتەیەک لە کۆرسێکی تایبەت بە پرۆژەکە کە ڕێکخراوی ناوبراو لە ئەمریکا سازی کردبوو، بەشدار بوون.

ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥

هەندێک ڕوونکردنەوە

*بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کۆمەک بڕوانە:*
*www.komak.nu*

*دەربارەی زانیاریپەخشکردنەوە لەمەڕ فێرکاری، بڕوانە: هەفتەنامەکانی:*
*هاوڵاتی، ژمارە ٢٠٣ تا ٢٣٥،*
*ئاشتی، ژمارە ٣٥ و ٣٨،*
*ڕۆژهەڵات، ژمارە ٣٤ تا ٤١*

*دەربارەی هەڵمەتی جگەرەنەکێشان، بڕوانە:*
*هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارەکانی ١٩٩ تا ٣١٨*

*کۆمەک سەرجەم دە هەزار کتێبی «خوێندنەوەی کوردی» بۆ قوتابخانە کوردییەکانی کەرکووک لەسەر ئەرکی خۆی چاپ کردووە.*

*بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هەنگاو بە هەنگاو بڕوانە: www.cfchildren.org*

*ئەم پرۆژەیە لە دەرەوەی ئەمریکا و ئەوروپا تەنها لە ژاپۆن پیادە دەکرێت، چونکە بەهای پرۆژەکە زۆر بەرزە! بەڵام کۆمەک توانیویەتی بێ بەرابەر مافی بەکارهێنانی وەربگرێت و ئێستاکە سەرقاڵی تەرجومەکردنی بەرنامەکەیە.*



# تاسەی نێودەوڵەتی

شێرزاد شێخانی

مەبەستم لە (تاسە) ئەو گرد و کۆسپانەیە کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەربڵاو لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێردا لەسەر جادەکاندا بەر چاو دەکەون، نێودەوڵەتییەکەش، کورد عادەتی وایە شتێکی نایابی بینی، جا لە هەر بابەتێک بێت پێی دەڵێت، عالەمییە. کوردیش بە هۆی ئەو تاسە دەولییانەوە داهێنانێکی تازەی هێنایە کایەوە کە بێگومان لە لاپەڕەکانی مێژوودا بە ئاوی زێڕ بۆی دەنووسرێت و ئەوەش دەچێتە پاڵ دەیان داهێنان و موکتەشیفاتی تری کە هەتاهەتایە کورد شانازی پێوە دەکات، وەکو دروستکردنی «مەسینە و دارجغارە» کە ئەو جۆرە داهێنانە لە هیچ وڵاتێکی عالەمدا بەر چاو ناکەون.

بەهەرحاڵ وەزعی ئەمڕۆی کوردستان وا شڵەژاو و مەرگەساتبارە کە وای لێ کردووین ئەو تاسە نێودەوڵەتییە و دارجغارە و مەسینەکانیشمان لە بیر بباتەوە، چونکە ئەمڕۆ کورد لە پارچەکەی خوارەوە لە ڕەشترین و تاریکترین سەردەمی خۆیدا ژیان بەسەر دەبات. بوتڵی غاز بووەتە ٢٥ دۆلار، دەبەی بەنزین بە ٢٠ دۆلارە، بەرمیلی نەوت بووەتە نیو وەرەقە، کەرەوز و تەڕەتیزەی خوشکەزاکەی بوون بە ٥٠ سەنت، قۆندەرەی لاستیک کە کاتی پێشمەرگایەتی بە درەم و نیوێکمان دەکڕی، ئێستا بووەتە ٣ دۆلار و نیو، گرانییەکە لە سەردەمی سەفەربەرلەکی عوسمانیشدا شتی وا نەبووە. زاوایەکم هەیە مۆزەفە، هەر سێ حکوومەتەکانی عیراق ماوەیەکی زۆر هەوڵیان دا تا توانیان لە داهاتی نەوتی عیراقدا معاشێکی مانگانەی ١٠٥ هەزار دیناری تەبع کە دەکاتە ٧٠ دولار بۆی ببڕنەوە. ئەو زاوایەم مانگی پێویستی بە چوار دەبەی بەنزینە بۆ موەلیدەکەی تا بتوانێت ڕۆژانە چوار سەعات کارەبای بۆ دابین بکات، ئەویش دەکاتە ٨٠ دۆلار. ئەو زاوایەم مانگی بەرمیلێک نەوتی دەوێت، چونکە خانووە کرێیەکەی شەرقییە کە دەکاتە ٥٠ دۆلار، هەر دیسان ئەو زاوایەم پێویستی بە بوتڵێک غاز هەیە بە ٢٥ دۆلارە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەنفلوەنزای باڵندەشدا لە کوردستان، هەڵبەت ئەو زاوایەم ناوێرێت



گۆشتی مریشک بخوات، ناچار پەنا دەباتە بەر لەفەی کەرەوز و تەڕەتیزەی سەگباب، ئەویش مانگی بە خوا ١٠ دۆلاری دەوێت، ئەوە کردییە چەند، بووەستە (٨٠+٥٠+٢٥+١٠) کردیە ١٦٥ دۆلار، ناقیس ٧٠ یوساوی ٩٥ دۆلار، زائید ١٠٠ دۆلاری کرێی خانوو، ئەوە کردیە ١٩٥ دۆلاری ڕێک. کەواتە زاوای موحتەرەمم دەبێت لەو کاتەدا دەسەسڕ لە پێش مزگەوتی خانەقا دابنێت و سواڵ بکات، هەر چەندە مۆزەفی میریشە تا بتوانێت خێزانەکەی، بە کولەمەرگی، بەڕێوە ببات.

جا ئەوە حاڵی سەدان هەزار زاوای ئەو وڵاتەیە و دەشڵێن ئەرێ خەڵک بۆ ژن ناهێنێت؟ سەرکردەکانی ئێمە ئەوەندەی پەرۆشی دامەزراندنی حکوومەتی عیراقن، ئەوەندە پەرۆشی زاوایەکانی کوردستان نین. ئەوەندە ڕۆژەی لە بەغدا چاوەڕوانی پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عیراقن، ئەوەندە بچوونایە سەرەی بەنزین لە بەندەرەکانی تورکیا، خۆ مسۆگەر بڕێکی باش بەنزینیان دەگەیاندە هەرێمی کوردستان. ئەوەندە مشتومڕ لەگەڵ سوننە و شیعەکاندا دەکەن، بەقەدەر ڕوبعێکی ئەوە مشتومڕیان لەگەڵ وڵاتی ئوستراليا کردایە ئەوە بێگومان دوو لۆری تەڕتیزە و کەرەوزی ئوسترالییان بۆ هەولێر دەستەبەر دەکرد.

ئێستاش نەچووە بچێت، سەرکردەکانی ئێمە دەتوانن دەست و بازوویان لێ هەڵماڵن و واز لەو شتە ناشیرینەی بەغدا بێنن و بگەڕێنەوە کوردستان و مشوورێکی ئەو میللەتە و گرانیی بازاڕەکەی بخۆن، خۆ برادەرینە ئەوانەی دەنگ بە سەرکردەکانمان دەدەن خەڵکی کەربەلا و دیوانیە نین، خەڵکی ئەو کوردستانەن کە پێیان عەیب نەبێت لە برساندا کچەکانیان دەفرۆشن. برسییەتیش ئەی برادەرانی سەرکردە، زۆر زاڵم و بێویژدانە. جامیش کە پڕ بوو لێی دەڕژێت، بۆیە پێویستە جارێکی تر بگەڕێنەوە ناو میللەتی خۆ و چارەسەرێکی ئەو تاسە و بوتڵی غاز و دەبەی بەنزینە بکەن، ناشکرێ تەمەموو چوار ساڵێک بێنەوە دەستەودامێنمان بن تا دەنگیان بدەینێ، دە وەڵڵاهی وەبیللاهی و وەتەڵڵاهی تا تاسەیەک لەسەر ئەو جادەی هەولێرە مابێت دەنگ بۆ هیچ لیستێکی عیراقی نادەم. تکایە برادەرانی ئاسایش باش گوێیان لێ بێت، من وتم: "دەنگ بە لیستی عیراقی نادەم نەک لیستی تر!" با بە غەڵەت لێم تێ نەگەن.

فێبریوەری ٢٠٠٦